

## پەنجاو شەش ساڵ

# خواپەرستیی، دڵسۆزیی، خۆشەویستیی، نیشتمانپەروەریی، خەبات و کۆڵنەدان

عەبدوڵڵا حەسەن وەرتێ

ڕۆژی 2007/1/25 بەرامبەر (6) ی محرم ی 1428 کۆچی سەرکردە مامۆستا (احمد کاکە محمود) زاناو داناو بلیمەتی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامیی لەبەرەبەیانێکی خامۆش و بێدەنگ دوای بەجێ گەیاندنی فەریزەی نوێژی بەیانی بەکۆمەڵ لەگەڵ خانەوادە بەڕێزەکەیداو لەکاتی سەرقاڵبوون بەخوێندنی قورئانی پیرۆزو نزاو پاڕانەوەو ویردی بەیانیدا، دڵە گەورەکەی لەلێدان کەوت و بۆ دواجار ماڵئاوایی لێکردین و ڕۆحە پاکەکەی فریشتە ئاسا لەشەقەی باڵ ئەدات بۆ هەوارگە هەمیشەییەکەی بارەگای خوای باڵادەست کۆچی کردوو بزووتنەوەو بنەماڵەکەیی و دۆستان و خزم و خێشت و قوتابییەکانی بۆ هەتا هەتایی بەجێ هێشت. بەکۆچی دوایی ئەم زاتە بەرزو بەڕێزە بەشێوەیەکی گشتی ئاسمانی ئیسلام پەروەری زانایان و کەڵەپیاوان گەیشتەوە بەردەم ئاستانەی خودا. مامۆستای خوشەویست گەشتەکەتان خێربێت و ڕێبازە پیرۆزەکەتان ئاوەدان و پڕبێت لەڕێبواری نەفەس درێژو ماندنەناس . مامۆستای پایەبەرز هەرلەسەرەتای منداڵییەوە لەیالأنپیێ تاکۆچی دوایی و

**کورد مرۆڤێکی نەوعیی، پاک و بێخەوش، سەر ڕاست و حەقبێژی لە دەستدا**



ئەو مەنزڵگەی کەلێی گیرسایەوە سەرتاپای ژیانی تەرخان کردبوو بۆ خزمەت گەیاندن بەئیسلام و گەل و نەتەوەکەیی و ئازادکردن و ڕزگارکردنی لەچنگی داگیرکەران، هەمیشە ئامادەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمکاران و تاغوتان، خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزوو لەبن نەهاتووبوو، کەسایەتییەکی بیرتیژو سەرنج ڕاکێش و بەوورە بوو، مرۆڤێکی نەوعی پاك و بێ خەوش بوو، مرۆڤێکی ڕاست و ڕەوان و حەق بێژبوو، هیچ کاتێك بێدەنگ نەدەبوو گەر ناحەقی بیستبا، زانایەکی هەڵکەوتوو دیاری کوردو ناوڕابوونی ئیسلامی کوردستان بوو، نووسەرو زانستخوازو قەڵەم ڕەنگین و سەرکردەو ڕێبەرێکی چاونەترس و پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو، ڕاڤەکەری قورئانی پیرۆز بوو، ماناو مەبەستەکانی پەرتوکی خودای زۆر بەباشی شیکردۆتەوەو تەفسیری ڕامان کەیەکێکە لە بەرهەمەکانی بەڕێزیان باشترین گەواهی دەری ئەو ڕاستیانەیە، ئەوکاتەی مامۆستا مەلا ئەحمد نوسینی بلأوئەکردەوە لەسەر چەمك و فیکرو مەفاهیمی ئیسلامی لەگشت بوارەکانی سیاسیی و فەرهەنگیی و کۆمەلأیەتیی و ئەخلاقی ئیسلامیی زۆرێك لەسەرکردەکانی ئەمڕۆی لایەنە ئیسلامیەکان هەرئاشنای ئیسلامیش نەبوون، بۆیە ڕێزگرتن لەژیان و مێژووی ئەو کەڵەپیاوانە ئەرکی

**هیچ کاتێک ئامادەنەبوو سازش بکات لەسەربیروباوەڕی ئیسلامیی خۆیی و ئەمەش زۆر بەڕوونی هەستی پێ دەکرا، لەو کاتانەی کەبەشدار دەبوو لەکۆبوونەوە فەرمیەکاندا، لەگەڵ لایەنەکانی بەرامبەر، ئەمە یەکێکە لەو هەڵوێست و مەواقیفە بەرزانەی جەنابی مامۆستا هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت لەیادی بکات**

هەموو مرۆڤێکی ئیسلام پەروەرو نیشتمان پەروەرە .

ئەو کەسانەی جەنابی مامۆستا ئەحمەدیان لەنزیکەوە ناسیبێت زۆرباش ئەزانن کەتەمەنێکی پڕ لەقوربانی دان و نەسرەوتن و ئازارو ئەزیەتی بێ شوماری بردە سەر، ئەو مامۆستایەی کەلەمیانەی مینبەرو دوانگەی مزگەوتەکانەوە بانگەوازی بۆ ڕێگەی ڕاست و دادپەروەری و عەدالەتی کۆمەڵایەتی ئەکرد، ئەو هەموو وتارو کۆڕو سیمینارو نووسین و کتێبەی کەلەدوای خۆی جێی هێشتوون، لەچەندین بواری جیاجیای فکریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئاینیی و کارکردن بۆ ئیسلام جێگە پەنجەیان دیارەو کتێبخانەی کوردیان پێ دەوڵەمەندبووە .

مامۆستا زۆر ڕووخۆش و دەم بەخەندەو خۆشەویست بوو لای قوتابیان و هاوڕێ و هاوەڵانیدا بەجۆرێك هیچ کاتێك هەست بەماندووبون و وەرەسما نەدەکرد، لەکاتی سەفەرو کۆبوونەوەو کۆڕو مەجلیسیدا .

هیچ کاتێك ئامادەنەبوو سازش بکات لەسەربیروباوەڕی ئیسلامیی خۆیی و



ئەمەش زۆر بەڕوونی هەستی پێ دەکرا، لەو کاتانەی کەبەشدار دەبوو لەکۆبوونەوە فەرمیەکاندا، لەگەڵ لایەنەکانی بەرامبەر، ئەمە یەکێکە لەو هەڵوێست و مەواقیفە بەرزانەی جەنابی مامۆستا هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت لەیادی بکات، مرۆڤی تەنگانەو ڕۆژانی سەخت بوو، سەرکردەیەکی لێوەشاوەو زاناو حەکیم بوو، بەڕەحم و بەزەیی بوو لەگەڵ پێشمەرگەو پاسەوانەکانیدا، هەمیشە لەسەر یەك سفرە نانیان بەیەکەوە دەخوارد، زۆر قینی لەجیاکاریی و فەرق و جیاوازی بوو، کۆچی دوایی زانای بەرجەستەو بانگخواز درزو کەلێنێکی گەورە لەکاروانی ڕابوونی ئیسلامی و زانستخوازیدا دروست ئەکات و پڕکردنەوەی کات و زەمەنێکی دوورو درێژی ئەوێت، هیوادارم خانەوادە بەڕێزەکەی جەنابی مامۆستای مەرحوم هەوڵی جیدی بدەن بۆ ئەوەی یەکێ لەکوڕە بەڕێزەکانی جێگەی باوکیان بگرنەوەو درێژە بەکاروانی زانستخوازیی و بانگەوازی باوکیان بدەن، داواکارم لەخوای پەروەردگار کەجێگەی جەنابی مامۆستا بەهەشتی پان و بەرین بێت و لەگەڵ پێغەمبەران و زانایان و شەهیدان حەشربکرێت و لەڕۆژی دواییدا تکاکاربێت بۆ ئیماندارو موسوڵمانان، بەئومێدی بەردەوام بوونی قوتابیان و هاوڕێیەکانی لەسەر ڕێبازو کاروانی مامۆستاکەیان.

2009/2 / 1

هەولێر